To:
Date: / /2016

ژمارە:
ڕێکەوت: / / ٢٠١٦ ی زاینی
/ / ٢٧١٥ ی کوردی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی — دەرکردە

## ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٦

## ڕێنمایی پێدانی نازناوی زانستی

ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١) کە لە ڕێکەوتی (٢٠١٦/١/١١) ئەنجامدرا، بڕیاردرا لەسەر پەسەندکردنی میکانیزمی ڕێنمایی پێدانی نازناوی زانستی لە دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی. ئەم ڕێنماییە پاڵپشتە بە ماددەکانی (١٩،٣،٢- ٢٥، ٥٠) لە یاسای ژمارە (١٠) ساڵی (٢٠٠٨)ی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی. بڕیارەکە ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

**یەکەم: مەرجەکانی پێدانی نازناوی زانستی ( مامۆستای یاریدەدەر ) بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر:**

١. پێویستە داواکار بڕوانامەی ماستەری ئەکادیمی بەدەست هێنابێت، ئەگەر بڕوانامەکەی لە دەرەوەی وڵات بەدەست هێنابوو ئەوا دەبێت لە لایەن لیژنەی یەکسانکردنی بڕوانامەکان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێم یەکسان کرابێت وە فەرمانی کۆتایی یەکسانکردنی بۆ دەرکرابێت.

٢. سەبارەت بەو خوازیارانەی کە کۆنمرەی بەکالۆریۆسەکەیان لە (٦٠%) کەمترە، کار بە فەرمانی وەزاری ژمارە (نووسینگە/١٧٠) لە (٢٠١٣/١/٢٣) دەکرێت.

٣. پێویستە داواکار لە یەکێک لە دام و دەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە فەرمی دامەزرابێت.

٤. بە پێی ماددەی (٢٠) لە یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠٠٨) کۆرسەکانی پەرەپێدانی توانای ئەکادیمی ماوەی (٦) مانگ دەخایەنێت کە دەکاتە (١٠) کاتژمێری هەفتانە و (٤٠) کاتژمێر مانگانە و تەواوی ماوەی کۆرسەکەش (٢٤٠) کاتژمێر دەبێت ناوەڕۆکی پرۆگرامی ئەم کۆرسانە بەم شێوازەی لای خوارەوە دەبێت کە پێویستە داواکار بە دەستی بهێنێت :

أ- کۆی کاتەکانی بەشداربوونی داواکار لە (١٢٠) کاتژمێر کەمتر نەبێت لە هەر سێ کۆرسەکانی (کۆرسی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و کۆرسی پەرەپێدانی توانای توێژینەوەی زانستی و کۆرسی پەرەپێدانی توانای سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی ئەکادیمی).

ب- کۆرسی تایبەت بە پەرەپێدانی توانستی زمان، (١٢٠) کاتژمێر کەمتر نەبێت بۆئەو کەسانەی کە خوازیارن ئاستی زمانی ئینگلیزیان بەرزبکەنەوە.

ج- ئەو کاتژمێرانەی کارکردن کە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا دەمێنێتەوە لە لایەن زانکۆوە بڕیاردەرێت کە بۆ چالاکی زانستی دیکە بەکاربهێنرێت بۆ نموونە (پێشکەشکردنی سیمینار، ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، بەشداری لە وانەوتنەوە، هتد).

تێبینی:

أ- نمرەی دەرچوون لە کۆرسەکانی پەرەپێدانی توانای ئەکادیمی (٧٠٪) یە، ئەگەر بەشداربوو نمرەی (٦٠ تاکو ٧٠٪) بەدەست هێنا ئەوا دەبێت تاقیکردنەوە دووبارەبکاتەوە، ئەگەر لە نمرەی (٦٠٪) کەمتری بەدەست هێنا ئەوا دەبێت کۆرسەکەی دووبارە بکاتەوە.

ب- کۆرسەکانی پەرەپێدانی توانای ئەکادیمی لە لایەن ئینستیتیوتی پەرەپێدانی ئەکادیمی ڕێکدەخرێت، تا کاتی دەستبەکاربوونی ئینستیتیوتی پەرەپێدانی ئەکادیمی، لیژنەی باڵای دڵنیایی جۆری سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی دڵنیایی جۆری زانکۆکان ئەم کۆرسانە ڕێکدەخەن.

٥. ئاستی توانستی زمان:

أ- پێشکەشکار بۆ وەرگرتنی نازناوی مامۆستای یاریدەدەر ، دەبێت ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی لە یەکێک لەم تاقیکردنەوانەی خوارەوەی بەدەستهێنابێت:

١/ نمرەی تاقیکردنەوەی (IELTS) لە (5) کەمتر نەبێت.

٢/ سەبارەت بە تاقیکردنەوەی ( TOEFL IBT) و (TOEFL PBT ) و (PEARSON) پێویستە نمرەی ئەو تاقیکردنەوانە هاوتای نمرەی (5)ی تاقیکردنەوەی (IELTS) بێت.

ب- ئەگەر پیشکەشکار توانی ئاستی پێویستی ئاماژەپێکراو لە خاڵی (٥/أ) تاقیکردنەوەکانی توانستی زمانی ئینگلیزی بە دەستبهێنێت و ماوەی کارپێکردنی بڕوانامەکەی بەسەر نەچووبێت، ئەوا لە کۆرسەکانی زمان (١٢٠ کاتژمێر دەبەخشرێت).

ج- پێویستە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری زانستە پەتی و سروشتی و مرۆییەکان نمرەی توانستی زمانی ئینگلیزی بگەیەننە ئەو ئاستەی کە لە خاڵی (٥/أ)سەرەوە دا ئاماژەی پێکراوە.

د-هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر لە هەموو بوارە پسپۆڕییەکان دەکرێت لە بری زمانی ئینگلیزی شارەزاییان (لە ئاستی پێشکەوتوو) لە یەکێک لەم زمانە جیهانیانە هەبێت: (ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیسپانی، ڕوسی، چینی (مەندەرین))، و بەپێی ستانداردەکانی تاقیکردنەوەی تایبەت بەو زمانە جیهانیانە ئاستەکەیان دیاری دەکرێت.

هـ- هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری پسپۆڕی زمان و ئەدەبی کوردی لە بری زمانی ئینگلیزی یان ئەو زمانە جیهانیانەی کە لە خاڵی (د) ئاماژەی پێکراوە دەکرێت شارەزاییان (لە ئاستی پێشکەوتوو) لە زمانی ( فارسی) هەبێت. کە لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕی وەزاریەوە ئاستەکەیان دیاریدەکرێت.

و- لە دوای سەرکەوتن لە کۆرسەکانی پەرەپێدانی ئەکادیمی، کاندیدەکان لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییەوە بڕوانامەی بەشداریکردن و سەرکەوتن لە کۆرسەکانی پەرەپێدانی توانای ئەکادیمیان پێ دەدرێت و ئەم بڕوانامەیەش مەرجی پێشوەختی بەشداریکردنە لە تاقیکردنەوەی کۆتایی نازناوی زانستی.

٦. تاقیکردنەوەی نازناوی زانستی.

پێشکەشکار دوای سەرکەوتن لە کۆرسەکانی پەرەپێدانی توانای ئەکادیمی و بەدەست هێنانی مەرجەکانی توانستی زمان و بڕوانامەی پەسەندکراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا پێویستە لە تاقیکردنەوەی پێدانی نازناوی زانستی (سمینار) سەرکەوتووبێت کە لایەن زانکۆکان ئەنجام دەدرێت.

دووەم: مەرجەکانی پێدانی نازناوی زانستی ( مامۆستا ) بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا ( بۆ یەکەم جار)

١- پێویستە داواکار بۆ نازناوی زانستی ( مامۆستا ) بڕوانامەی دکتۆرای ئەکادیمی بەدەست هێنابێت، ئەگەر بڕوانامەکەی لە دەرەوەی وڵات بەدەست هێنابوو ئەوا دەبێت لە لایەن لیژنەی یەکسانکردنی بڕوانامەکان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێم یەکسان کرابێت بڕوانامەکان کرابێت وە فەرمانی کۆتایی یەکسانکردنی بۆ دەرکرابێت.

٢- پێویستە داواکار لە یەکێک لە دام و دەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دامەزرابێت.

٣- دەبێت هەموو پێداویستییەکانی سەرکەوتن لە کۆرسەکانی پەرەپێدانی ئەکادیمی دەستەبەر بکات بە هەمان شێوەی مەرجەکانی پێدانی نازناوی زانستی مامۆستای یاریدەدەر ، جگە لە ماوەی کۆرسەکان کە بۆ پێدانی نازناوی زانستی مامۆستا تەنها سێ مانگە و بەم شێوازی لای خوارەوە ڕێکدەخرێت:

أ- کۆی کاتەکانی بەشداربوونی داواکار لە (٦٠) کاتژمێر کەمتر نەبێت لە هەر سێ کۆرسەکانی (کۆرسی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و کۆرسی پەرەپێدانی توانای توێژینەوەی زانستی و کۆرسی پەرەپێدانی توانای سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی ئەکادیمی).

ب- کۆرسی تایبەت بە پەرەپێدانی توانستی زمان، (٨٠) کاتژمێر کەمتر نەبێت.

٤- ئاستی توانستی زمان:

أ- ئاستی پێویستی توانستی زمان بۆ پێدانی نازناوی زانستی (مامۆستا) بە هەمان شێوازی پێدانی نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) دەبێت.

ب - هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا لە هەموو بوارە پسپۆڕییەکان دەکرێت لە بری زمانی ئینگلیزی شارەزاییان (لە ئاستی پێشکەوتوو) لە یەکێک لەم زمانە جیهانیانە هەبێت:

( ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیسپانی، ڕوسی، چینی (مەندەرین)، و بەپێی ئاستی کاندیدەکانیش بە پێی ستانداردەکانی تاقیکردنەوەی تایبەت بەو زمانە جیهانیانە دیاری دەکرێت.

ج- هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا لە بواری پسپۆری زمان و ئەدەبی کوردی لە بری زمانی ئینگلیزی یان ئەو زمانە جیهانیانەی کە لە خاڵی (ب) ئاماژەی پێکراوە دەکرێت شارەزاییان (لە ئاستی پێشکەوتوو) لە زمانی ( فارسی) هەبێت. کە لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕی وەزارەوە ئاستەکەیان دیاریدەکرێت.

٥- پێشکەشکار دوابەدوای سەرکەوتن لە کۆرسەکانی پەرەپێدانی ئەکادیمی و بەدەستهێنانی مەرجەکانی توانستی زمان بڕوانامەی پەسەندکراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەبێت لە تاقیکردنەوەی پێدانی نازناوی زانستی سەرکەتووبێت.

٦. ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

د.یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد / ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێزان ڕاوێژکارانی جەنابی وەزیر /بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی کارگێری و دارایی / بۆ زانین /لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی توێژینەوەو پەرەپێدان/ ب.کاروباری زانستی / بۆ زانین کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا.
-. گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناو دیوانی وەزارەت/بۆزانین /لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی ، لەگەڵ بەراییەکان .
- دەرکردە خولاو .